# پێش ئەوەی ماڵپەڕەکان هەبن
# دەسەڵات تێکڕای میدیای بۆ خۆی داگیر کردبوو
# بەلام ئێستا بەرهەڵستکاریش دەتوانێ خۆی دەرببڕێ.

سازدانی: ئاڵای ئازادیی

**هەڤپەیڤین لەگەڵ "دارا ئەحمەد" - بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ئەمڕۆ-**

**ئاڵای ئازادیی: لەکوردستاندا یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی، لەم حاڵەتەدا تاچەند دەتوانرێت ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو تەماشا بکرێت؟**

**دارا ئەحمەد:** ئێمە - تێکڕای میللەتی کورد - بە گوێرەی پێشکەوتنەکانی سەردەم یاساگەلێکی ئەوتۆمان نییە کە شایستەی ڕێکخستنی ژیانمان بێ، ئەوەی هەشە هەر یاسای جەنگەڵ و یاسای پڕ لە توندوتیژیین و سادەترین ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەبەرچاو ناگرن ، ئەی چۆن یاسایەک هەبێ بۆ ڕۆژنامەگەریی.. بەتایبەتییش یاسایەک بۆ ڕۆژنامە بە شێوەی ماڵپەڕ کە سیستەم و دەسەڵات نەک ماندوبوونی ئەو هەموو خەڵکە لەبەرچاو ناگرن کە لەم بوارە کاردەکەن بەڵکە ئەگەر بۆیان بکرێ زۆرجار بە دڕندانەترین شێوە دژایەتییشیان دەکەن بەڵام لە سایەی پێسکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا دەسەڵات ناتوانێ بە ئاسانیی سەرکوتیان بکا !

ئەمە کەنگێ مەرجە دەبێ یاسایەک هەبێ بۆ ئەو شێوە ڕۆژنامانە ئەنجا وەک سەرچاوەکی باوەڕپێکراو تەماشا بکرێن !؟ پرسیارێکی سەیرە!!! ئاخر دەسەڵات بە تایبەتییش دەسەڵاتێکی ( ئەدیوبدی) وەک دەسەڵاتی یەکێتیی و پارتی کەنگێ دیانەوێ یاسایەک هەبێ ژیانی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتییش ڕۆژنامەگەریی سەر ئەنتەرنێت ڕێکبخەن .. ئەوان هەر دیانەوێ یاسایەک یان ڕاستتر بێژین کۆمەڵە تۆڕ و داوێک دروستبکەن کە ڕاوی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی پێ بکەن.

**ئاڵای ئازادیی: بەشێکی زۆر لەسایتە کوردیەکان تەداخول لەژیانی شەخسی کەسەکاندا دەکەن و ئەمە لەنووسینیشدا تەوزیف دەکەنەوە، هاوکات بەناوی ڕەخنەوە تەوهین و سووکایەتی بەبەرامبەرەکەیان دەکەن، بەڕای تۆ ئەمە تاچەند دەچێتە چوارچێوەی سیستمی ڕۆژنامەی ئیلکترۆنییەوە؟**

**دارا ئەحمەد:** لە ڕاستییدا من پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دەلێم ماڵپەڕە کوردییەکان - کوردستانپۆست و کوردستاننێتی لێدەرچێ کە لەژێرەوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سەربەدەسەڵاتن و هەر دەسەڵاتیشە گەورە و قەبە لەبەرامبەر ماڵپەڕە ئازاد و بێلایەنەکان نیشانیان دەدا- زۆر بە کەمیی سووکایەتیی بە کەسەکان دەکەن، بەڵکە ئەوە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەکانی دەسەڵاتن ڕۆژانە لەلایەک بەتاک سووکایەتیی بە کەسەکان دەکەن و کەسیش ناوێرێ بلێ لە فلانە کات و لە فلانە شوێن جنێویان پێدام و سووکایەتییان پێکردم و با سکاڵایەک لە دادگا تۆمار بکەم.. خۆ ئەگەر ئەوکەسە سەر بەیەکێک لەو حیزبانە نەبێ ئەوا هەر ناوێرێ فزەە بکا ئەگەر نا ئەوا

زۆر بەئاسانیی دووچاری سووکایەتیی پتر و ئەشکەنجەدان و گرتن و تەنانەت بنبزرکردن و تیرۆرکردنیش دەبێتەوە..نموونەش هەر یەکجار زۆرە لەم رووەوە .. لەلایەکی تریش رۆژانە بەکۆمەڵ سووکایەتیی بەخەڵک دەکەن و تەنانەت هەر لێپرسراوە بە ئارەزووی خۆی بە ماڵپەڕ و رۆژنامەی کاغەزیی ناوەستن بەڵکە لە رووی تەلەفزیۆنەکانەوە جنێو بە خەڵک دەدەن پێیان دەڵێن بیژیی و گێل و نەزان و بێ هۆش و دواکەوتوو و زۆر جار بە کەر و سەگ و ... هتد پێیان دەچووێنن.تۆ سەیرکە مۆدێلی جنێو و هێرشکردنە سەر لایەنی ژیانی کەسی لە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی یەکێتیی و پارتی دامەزرا ئەوا ماوەکیشە دەیانەوێ بەهۆی چەند رۆژنامەیەکی کاغەزیی بەناو ئەهلیی و چەند ماڵپەڕێکی جنێو فرۆش و بێزەوەر ماڵپەڕە ئازادو سەربەخۆکان بەتایبەتییش ئەوانەی دەرەوەی کوردستان لەو شەڕە جنێو و سووکایەتییە بئاڵێنن و تا ئێستاس سەرکەوتوو بوونە کە تەنانەت کاری لە کەسێکی وەک تۆش کردووە کە وا دەزانی ماڵپەڕەکان دەست لە ژیانی کەسیی وەردەدەن و بەناوی رەخنەش سووکایەتی بە بەرامبەرەکانیان دەکەن .. کەچی تۆ باشیش دەزانی ئەو جنێو و هێرشکردنە سەرکەسەکان زۆربەی هەرە زۆری لە رۆژنامە کاغەزیی و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە دەکرێن ئەوەی لە ماڵپەڕەکانیش دەکرێ ئەوا دەسەڵات بە ئەنقسەست چەند ماڵپەڕێکی بەکرێ گرتووە بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی رێ لەو دەرفەتە بگرێ کە نووسەر و رۆژنامەنووسە سەربەخۆخواز و ئازادیخواز و یەکسانییخوازەکان دەیانەوێ ئەنتەرنێت بکەنە سەکۆیەکی دەربڕینی ووشەی ئازاد و پێشکەوتووخواز بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافە نەتەوەییەکان- سەربەخۆیی - و تەواوی ماف و ئازادییە مرۆییەکان.

**ئاڵای ئازادیی:** دووجۆر کەس لەسایتەکاندا بەردەوام نووسینیان دەبینرێت یەکەمیان بەناوی ئۆپۆزۆسیۆن ئەویتریان بەناوی دەسەڵاتەوە، ئەوەشی هەست پێدەکرێت لەنووسینەکانیشیاندا پابەند نین بەبنەماکانی رەخنەو پێوەرەکانی نووسینەوە، بەڕای تۆ بوونی ئەو سایتانە نەبوونەتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی ئەوجۆرە قەڵەمانە درووستببن؟

**دارا ئەحمەد:** شتێکی زۆر باشە ئێستا هەردووک بەرهەڵستکار و دەسەڵاتدار نووسینیان هەیە لە ماڵپەڕەکان . پێش ئەوەی ماڵپەڕەکان هەبن دەسەڵات تێکڕای میدیای بۆ خۆی داگیر کردبوو بەلام ئێستا بەرهەڵستکاریش دەتوانێ خۆی دەرببڕێ.

کە بەشێکی زۆر پابەند نابن بە بنەماکانی رەخنە و پێوەرەکانی نووسین ئەوا من دەڵێم دیاردەیەکی زۆر تەندروستە چونکە پێشتر بە هۆی باری گرانی کاری نووسین و رۆژنامەگەریی - نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەک کە بۆنێکی جیای لێدێ لە سیاسەتی بەعس ، کەمیی یاخود نەبوونی شوێنی پەروەردەکردن و پێگەیشتنی نووسەر و رۆژنامەنووسان ، نەبوونی هیچ جۆرە یارمەتییەکی مادیی تەنانەت نووسەر یان رۆژنامەنووس زۆرکات دەبووایە کارەکەی بە توانای مادیی خۆی ئەنجام بدا ، کەمیی خوێنەر چونکە خەڵک لە خوێندنەوە دەترسا و دەسەڵات گرفتی بۆ دروستدەکرد ، کوشتن و ئەشکەنجە ترس و دەربەدەر بوون و هتد - کەسێک نەیدەتوانی بە ئاسانیی ببێتە نووسەر یان رۆژنامەنووس ئەگەر زۆر رۆشنبیر و زۆر جەربەزە و چاونەترس و خۆنەویست نەبووایە.. بۆیە ژمارەیەکی کەممان هەبوون لەو بابەتانە کە لەراستییدا ئەو ژمارە کەمە تێری میللەتێکی چوار پێنج ملیۆنیی نەدەکرد بەڵام پاش ١٩٩١ ئەو هۆیانەی کە رێگر بوون زۆربەیان لادران ئیدی هوردە هوردە وەک دیاردەیەکی ئاسایی نووسەران و رۆژنامەنووسان روو لەپتربوون بووە تا ئێستا .. بە رای من هێشتاش زۆری ماوە وەک میللەتانی تر بەپێی چەندایەتیی مییللەتەکەمان نووسەران و رۆژنامەنووسانمان هەبن ، بەڵام وەک دێتە بەرچاو ناسروشتییە چونکە پێشتر بەوجۆرەو و بەو چەندایەتییە ناماندیتووە ، خۆ لە قۆناغی ئێستای ژیانی مییللەتی ئێمە و لەژێر سایەی ئەو فێرکردن و پەروەروەردەکردنەی کە ئەم سیستەمە چەوسێنەرەمان پەیڕەوی دەکا هەر پیشەکارانێک و توێژێکی کۆمەڵایەتیی دەگری هەر کەمینەیەکی زۆر کەم بەشێوەکی رێکوپێک سوودبەخش و بەگوێرەی پێوست کارەکەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و زۆرجار و زۆر کات زۆربەیان هەر پیشەکە دەشێوێنن و بۆ بەرژەوەندیی تاکڕەویی و خۆپەرستیی بەکاریدەهێنن و دەسەڵاتیش هێندەیتر رێیان بۆ

خۆشدەکا و پشتگیرییان دەکا ، بەڵام وەک تۆ دەیڵێی کە تەڕ و هیشکت بەیەکەوە سووتاندووە دەڵێی هەموویان لە نووسینەکانیاندا وان ئەمن لەگەڵ ئەو بۆچوونەت نییم بەڵکە بە پێچەوانەوە خەڵکێک هەیە بە تایبەتییش لەناو بەرهەڵستکارەکان زۆر لێزانانەو رەخنەگرانە بە مانای ووشە دەنووسن و کارتێکردنێکی زۆریشیان هەیە لەسەر رێگرتن لە پێدرێژییەکانی دەسەڵات و پەروەردەکردنی نەوەیەکی چاونەترستر و هۆشیارتر.

ماڵپەڕەکان نەک هەر نەبووینە هۆیەک بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە پێنووسانە کە تۆ لێیان دەدوێی بەڵکە پاڵەپەستۆیان خستۆتە سەر ئەو پێنووسانەی لە رۆژنامە کاغەزییەکان و تێکڕای میدیای دەسەڵات و حیزبەکان دەنووسن چیدی نەتوانن بە ئاسانیی و بە ئارەزووی خۆیان بە پێخواسیی بەناوبکەون و سووکایەتیی بە خودی میدیاش بکەن و وەک سەردەمی پاشایەتیی کۆنیش تەنیا کەسوکاری بەرپرس ودەوڵەمەندان لەشوێنە گرنگەکانی دەزگا میدیاییەکان و تەواوی وەزارەتی رۆشنبیریی دابمەزرێنن.

ئالای ئازادیی: ەەر لەسایتەکاندا زۆربەی ناوی نووسەرەکان خوازراون و ئاشکرانین، تۆ وەک سەرپەرشتیاری سایتی ئەمڕۆ، پێتوایە چون دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ێەو ناوە خوازراوو و بابەتەکانیاندا بکرێت و چۆن متمانەیان پێدەکەن؟

دارا ئەحمەد: من بۆ خۆم ئەزموونی بەڕێوەبردنی هەردوو شێوەی رۆژنامە - کاغەزیی و ماڵپەڕ- م هەیە؛ لە ١٩٩٤ یەکەم رۆژنامەی بێلایەن و سەربەخۆمان بە ناوی (ئەمڕۆ)لە کوردستانی باشوور بە کاغەز دەرکرد کەچی ئەوکات نووسەری ناوخوازراومان هەر گەللەک گەللەک زۆرتر بوو لە ئێستا کە هەمان (ئەمڕۆ) بە شێوەی ماڵپەر دەردەکەین بە ئاستێک کە هەر بەراورد نەکرێ .. دەتوانم بڵێم ئێستا لە سەت بابەت هەر دوو یان سێ بابەتمان بۆدێ کە بە ناوی خوازراون ئەوانیش وای بۆدەچین هەر نووسەرەکە وای حەز لێیە نەک بۆ شاردنەوەی ناوی خۆی ، ئەوەی من هەست دەکەم زۆربەی ماڵپەڕەکان وان و بە پێچەوانەوە ناوی خوازراو هەردەم لەناو رۆژنامەی کاغەزیی پترە بەڵام ئەگەر تۆ ئەو دوو ماڵپەڕەی کە تەنیا دەزانن جنێو بدەن و بابەتی بێکەلک بڵاو بکەنەوە بە ماڵپەریان دابنێی ئەوا دەڵێم بەڵێ لەوێ ناوی خوازراو زۆرە بەڵام هێشتا هەر لەناو رۆژنامە کاغەزییەکان پترە.

ئێمە ئەگەر یەکێک بابەتێکی سەرنجراکێش بنووسێ یان بابەتێک پەیوەست بێ بە خەڵکیتر یان هەواڵ بێت تا نەیناسین و متمانەی تەواوی پێ نەکەین کە هەڵبەستە و ناڕاستیی لە نووسینەکەی نییە بابەتەکە بڵاو ناکەوینەوە و بە شێوەیەک لەشێوەکان پەیوەندی پێوە دەکەین تا لەو شتەی دەمانەوێ دڵنیا دەبین.

ئالای ئازادیی: رایەک ەەیە لەدنیادا دەڵێن: رۆژنامەی ێەلکترۆنی رۆژنامەی کاغەزی کز کردووە، ێەم رایە تاچەند سایتە کوردیەکانیش دەگرێتەوە؟

دارا ئەحمەد: بەڵێ لەسەر ئاستی جیهان ئەمە راستە ، بەڵام هێشتا - جگە لەوەی هەر ئەزموونی رۆژنامەی سەرکاغەزیش لای کورد زۆر کۆن نییە و هێشتا بە تەواویی جێی خۆی نەگرتووە و تا ئەو رەوتە بەتەواوی نەگاتەجێ خاو نابێتەوە - ماڵپەڕە کوردییەکان لەبەر کێشەکانی وەک - فۆنتی کوردی و رێنووسە کوردیەکەی بە پیتی عەرەبی لە لایەک و کەمی و گرانیی هێلی ئەنتەرنێت و کەمیی کارەبا لە لایەکیتر و سەرەرای ئەوەش پرۆپاگەندەکردن بۆ بێبایەخکردن و دژایەتییکردنی ماڵپەڕەکانی دەرەوە کە زۆربەیان بەرهەڵستکارن لەلایەن دەسەڵات و ... هتد -

نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە رۆڵی رۆژنامە کاغەزییەکان وەک ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان هەیە کز بکەن بەڵام ئەو رۆژە هەر لە پێشە.

**ئاڵای ئازادیی:** دواپرسیار پێمان بڵێ وەک ئەزموونت لەسایتی (ئەمرۆ) تاچەند رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان توانیویانە ببنە هێزی فشار و رای گشتی درووستبکەن، یاخود تاچەند توانیویانە ببنە پردێک لەنێوان نووسەرانی کوردستان و ئەوروپا، ئەی تاچەند توانیویانە لەسەر پرسە گرنگ و چارەنوسسازەکان دیالۆگی جدی درووستبکەن؟

**دارا ئەحمەد:** بۆ دروستکردنی رای گشتی و بوون بە هێزی پاڵپەستۆ تارادەیەکی باش کاری خۆی ئەنجام داوە بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان هێندە لامل و درندەن ئەو هێزی پاڵپەستۆیە خاودەکەنەوە و بەهۆی داگیرکردنی بژێویی خەڵک و ترس و تۆقاندنیش هەردەم تا ئێستا رای گشتییان لەباربردووە.

بەڵێ بوونەتە هۆیەکی کاریگەر بۆ دروستکردنی ئەو پردە لە نێوان دەرەوەو ناوەوە بەڵام ئەو پردە دوو مینی لە جۆری (پاراستن و زانیاریی) لەبن داندراوەتەوە ئەگەر یەک قیچ بە سەربەستیی و ئازادیی بەسەریدا برۆی ئەوا پردەکە دەتەقێتەوە تۆش تا تەپانی بنەوە راناوەستی.

توانراوە جۆرێکی لاواز لە دیالۆگ لەسەر ئاستی گشتی چێبکرێ بەڵام کە رای بەرامبەر بە هێزی ماسوولکە سەرکوتکرا و ئازادیی هەر لەبنەوە بوونی نەبوو و ئازدییەکی ساختە پایەدار بوو ئیدی دیالۆگی چی و تەرەماشی چی!